مۆژووی شانۆی کەنەدی... وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ)

نووسینی : ئینسایکلۆپیدیای شانۆی کەنەدی

یەکەمین شانۆ

نۆیتیقەکان، خەڵکە هەسەنەکانی کەنەدا، دراما و نەریتە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانیان وەکو بەشێک لە بۆنە و ئاهەنگەکانیان، بە سەدان ساڵ پێش هاتنی ئەورووپییەکان بۆ کەناری جیهانی نوێ، نمایش کردووە. لە ڕاستیدا ئەوەی کە ئەمڕۆ وەک شانۆی خەڵکە هەسەنەکان ئەیبینین، چەشنی شانۆگەرییەکانی تەمسێن هایوەی، زەرجار پشت بە میتۆلۆژی یان ئەفسانەناسی نەیتیقەکان دەبەستێ.

شانۆی ئەورووپییە بەراییەکان


مۆژوونووسی شانۆیی دەیڤد گراندەر لەو باوەڕەدایە کە شانۆی ئەورووپی، لەگەڵ هامفرەی گیلبەرت و "گروپێکی بچووکی ئەکتەرە ئیمائیلکان"، (١) لەساڵی ١٥٨٣دا هاتۆتە کەنەدا. پێشتریش بەرهەمهێنانی مارک لێسکاربارد بۆ شانۆی نیبتۆن لە فەرەنسای نوێ، لە چوارەدەی تشرینی دووەمی ١٦٠٦ و سامۆیڵ دی چامپلەین لە پۆرت ڕۆیەڵ (کە ئێستا نۆڤەسکۆشیایە)، یانەیەکی کۆمەڵایەتییان دامەزراند لەژێر ناوی مەدالیای بەختەوەری. ئەمەش لەمیانەی فەرمانکەوە بوو کە لێسکابارد سەرگەرمییەکانی خێی نیشان دەدا کەلایەن ئەندامانی دەوڵەتە ژێردەستەکانی فەرەنساوە نمایش ئەکران و ووخساری خێیان دەگۆڕی بەجۆرێک وەکوو ووخساری خەڵکە هەسەنەکان و زیندەوەرە ئەفسانەکان دەردەکەوتن. ئامانج لەو کارە، ئاهەنگی گەانەوەی دامەزرێنەرانی دەوڵەتە ژێردەستەکان بوو لە گەشتێکی مەترسیدار. شۆنی دەوڵەتی ژێردەست و بەرهەمێکە لە ساڵی ١٦٠٧ جەهێدرا و هیچ ئاماژەیەک سەبارەت بە هیچ چالاکییەکی شانۆیی نەبوو تا ساڵی ١٦٤٠. کە زیاتر وا دەردەکەوێ کە سەرگەرمی بێباکانە، هەنگدانەوەی بەشێکی ژیانی ئیمپریالیستییانە بوو.



باڵەخانەی نیبتۆن لە شاری کوبێک لە سەدەی هەژدەهەم کە شوێنی کێبوونەوە بوو و وەکو ڤینسە شانۆییەکانی بەرایی کەنەدا خزمەتی دەکرد.
لە ئەرشیفی نەتەوایەتییەوە وەرگیراوە.

کلاسیکە نوێیەکانی جیهانی نوێ
مەحاڵە لە وڵاتی کەنەدا بەچاکی گەشەی درامای زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بەتەواوەتی لێک جودابکرێنەوە کە ترادیسیۆنی شانۆییان وەکوو یەکە. لەهەندێ حاڵەتدا شانۆگەرییە ئینگلیزییەکە بە زمانی فەرەنسی نمایش کراوە و بەپێچەوانەشەوە، کە تا ئەمڕۆش ئەم دۆخە لە شانۆی کەنەدی هەر بەردەوامە. ئەوەی بەڕەهایی بتوانرێ بوترێ ئەوەیە کە ئەو نووسەرانەی لەسەرەتادا کاریگەریان هەبووە لە بەریتانیا و فەرەنسا، گاریگەریشیان بەسەر شانۆی بەرایی کەنەداوە هەبووە. ئۆوانیش بەتایبەتی بریتیبوون لە مۆڵێر و شەکسپیر و هەروەها پییر کۆرنی و جان راسین. ستایڵە ئەدەبییەکانیشیان هەر بەو جۆرە بوو کە لە دراما بەراییەکانی کەنەدا هەنگیان داوەتەوە. بێ نموونە داستانی قارەمانێتی لە ئیشێ سەرەتاییەکاندا بەرچاو دەکەوێ کە جەنگی جەنگاوەرانی ئیبراهیم بەنەمری نیشان ئەدا.
شتێکی تری هاوبەشی ئەوەیە کە شانۆی کەنەدی لە ئارەزووەوە لەدایکبووە، کە تا چەند دەیە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتە ژێر دەستەکان، ئینجا ئەکتەرە پرۆفیشناڵەکان لە هەر (٣٠) سی دەوڵەتە ژێردەستەکانەوە گەیشتنە کەنەدا. ئەوکات ترادایسیۆنی نمایشکردنی سەرگەرمی و شانۆیی دەوڵەتی ژێر دەستەی ئینگلیزی و فەرەنسی دامەزرا. بەرهەمە(کارە) سەرەتاییەکان بەپانتایی هەردوو کۆمەڵگەکە نمایش دەکران، لە سەربازەوە تا دەگاتە بازرگان و سەوداچییەکان ئاماژەیان تێدا بینیوە. بێ نموونە لە هالیفاکس، گاریسن چەند شانۆگەرییەکی هەبوو هەروەها لەسەرەتای ساڵی ١٧٨٨ دا لەگەڵ

شەردیان شانۆگەرییەکیان بەناوی قوتابخانە بۆ ئابووچوون نمایش کرد. ئەکتەرەکان ئەفسەر و کۆن بوون کە ژنیان ئەبینی. گاریسن لە ساڵی ١٧٨٩ دا بوو بە خاوەنی هۆڵی شانۆیی و شانۆگەری بازرگانی ڤینیسیا وەک یەکەم کاریان لەو هۆڵە خستە بەر دیدی بینەران.
ئابەرانی کۆسا هەر زوو کەوتنە ڕێگە گرتن لە گەشەی شانۆ بە زمانی فەرەنسی لە خاکی نوێدا. ئەمەش ئایرۆنییەکی وەک قوتابخانەکان کە لەلایەن کۆساکانەوە قەرخ کرابوون، دەبوایە ئەو شانۆگەرییانە نمایش بکرێن کە بەشێک بوون لەبەرنامەی خوێندن و شێوازێک بوون بۆ نەپچڕان لەگەڵ دایکی خاک و زمان. کۆساکان لە دەوڵەتە ژێردەستەکاندا زۆر بەهێزتر بوون وەک لەوەی لە ئەوروپا هەبوون. ئابەرانی کۆسا هیچ بەلایانەوە زەحمەت نەبوو نمایشەکانی مۆلێر قەدەغە بکەن بەتایبەتی لەو هۆڕشانەی کە لە شانۆگەری "دووڕوو"دا دەیکاتە سەر ئابەرانی کۆسا. لە ڕووداوێکی بەناوبانگ لە ١٦٩٣-١٦٩٤ دا حاکمی گشتی فۆنتناک لەلایەن قەشەی ساینت ڤاڵیەرەوە بەرتیلی پێدرا بۆ قەدەغە کردنی نمایشی ئەم کارە ناوبانگ زۆاوە. کۆسای ساینت ڤاڵیەر لە هەموو بوارەکاندا شانۆی قەدەغە کرد.
دوای داگیرکاری بەریتانییەکان، مۆلێر جارێکی تریش لەلایەن سەربازانی بەریتانیاوە بەزمانی فەرەنسی هاتەوە سەر شانۆی جیهانی نوێ. ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ کۆمەڵێ شانۆییەکان ببینرێ کە سەربازان و خەڵکی سیڤیڵ پێکەوە کار دەکەن بۆ سەرکەوتنی بەرهەمەکانیان. لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی هەژدەهەم، لێ کۆنەدا دوو گروپ(کۆمەڵە)، تیپی ئاڵن بۆ کاری کۆمیدی و تیپی لاوە کەنەدییەکان نمایشی شانۆیان ئەنجام ئەدا. (٢)هەردوو لاشیان مۆلێریان نمایش دەکرد و هەروەها تیپی ئاڵن جگە لە مۆلێر، شەکسپیریشیان نیشان دەدا. لە وەرزی نمایشی ١٧٨٩-١٧٩٠ دا، ئەم دوو گروپە کاتەکانیان لەنێوان خۆیاندا ڕێکخستبوو.



هۆی ئۆپرای نوێ لە شاری داوسن لە ئەرشیفی "یۆکن"ەوە وەرگیراوە

بنیادنانی هۆەکانی شانۆ

کۆساکانی پرۆتستانت و کاسۆلیک بەهیچ شێوەیەک پشتیوانیان لە شانۆ نەدەکرد. ئەوان هۆەکانی شانۆیان دەشوبهاند بەوەی کە بۆ بەدەوشتی بنیاد نراون. بەڵام لە ناوەڕاست و ئەتلەنتیکی کەنەدا، شانۆ لەهەر جێگایەک بواری بۆ بەرخسایە نمایش دەکرا وەکوو مەیخانەکان و بەگشتیش هەر پیاوان ئامادەیان تێدا دەگۆڕا. لە هالیفاکس سەربازەکان هۆڵێکی نوێی شانۆیان بنیاد نا و لە ساڵی ١٧٨٩ بە نمایشکردنی شانۆگەری بازرگانی ڤینیسیای شەکسپیر کرایەوە. هەر زوو دوای ئەوەش شارلەتاون هۆڵی شانۆیی تێدا کرایەوە و دوای ئەوانیش لە شاری سێین جۆنز هۆڵێکی تر کرایەوە.

یەکەمین باڵەخانەی تایبەت بە نمایشی کاری هونەری لە ناوەڕاستی کەنەدا لە هۆڵی شانۆی پاشایەتی بوو لە شاری مۆنتریاڵ و هۆڵەکانی پاشایەتی سێرک – کە هەر زوو ناوەکەی گۆڕا و بوو بە هۆڵی شانۆی پاشایەتی – لە شاری کوبێک (هەردووکیان لەساڵی ١٨٢٥ دا دامەزران). هاوکات تیپێ هونەریێ کۆچەرییەکان لە فەرەنسا کۆتنێ دەرکەوتن و بەمەش کۆساکان زیاتر پەست و تووڕە دەبوون. لەگەڵ بنیادنانی سیستمی هۆڵی شەمەندەفەر کە بووە هۆی گەشەکردنی زیاتر و زیاتری گەشتی تیپە هونەرییە بێگانەکان بۆ کەنەدا، جۆرێک لە کلتووری ئیمپریالیزم (جووتبوون لەگەڵ نوخبەی لووت بەرز) کە بەرەوپێشچوونی بەرچاوی کارەکتەری شانۆی نەتەوەیی بەهەڵواسراوی

هێشتەوە.

ستایلی شانۆگەرییەکان

هاوکات لەگەڵ هاتنی هونەرمەندە ئەوروپییەکان، سیاسەتی ئەوروپیش دژایەتی دەکرا و هەر زوو کاریگەری ئابەرانی کڵاسا لاواز بوو و زیاتریش لاواز بوو وەختێ شانۆ بووە ئامرازێکی سیاسی. ئەک هەروەکوو باروودۆخی ئەوروپا، کە ئێستا لە سێ بەشی فراوان پێلین کراوە، ئایین، پەروەردەیی، سیاسەت و سەرگەرمی. یەکەمین بەش لەسەر بەرفراوان بوونەوەی سیستمی قوتابخانە ئاینییە فەرەنسی زمانەکان بەردەوام بوو، بەتایبەتی لەنێوان مەسیحییەکان (ئەوانەی بەردەوام بێباکانە لیبراڵترن لە فەرمانەکانی کاسۆلیک). دراماى سیاسیش دیسانەوە لەنێو فەرەنسی زماندا لە شێوەی وتار هاتە مەیدان و لەسەر ڕووبەری ڕۆژنامە سیاسییەکان بڵاو دەبۆوە، هەندجاریش لە شێوەی دراماتیکی بەو مانایەی کە لە کۆبوونەوەکاندا بەدەنگی بەرز دەخوێنرانەوە (وەک خەمڵێنراوە ئەوکات سێدا پێنجی خەڵک خوێندەواریان هەبووە). سەرگەرمیش لە ئەمریکاوە گەیشت و لەشێوەی گەشتی تیپەکان کە میلۆدراما و سێرکیان نمایش دەکرد وەکوو تیپی جۆن ب.یکۆتسی ئەمریکی کەلە شارەکانی مۆنتریاڵ و کوبەک لە ساڵەکانی ١٧٩٧ و ١٧٩٨ دا نمایشیان ئەنجامدا.

شانۆنامەنووسەکان

ئەگەر نووسین بۆ ئەوانەی لە خوا سۆ ئەکەنەوە، بۆ سیاسییە فڕۆبازەکان، یان بۆ جەماوەری بەربڵاو بنووسرێ، ئەوا دراماتیستە ناوخۆییەکان زۆر قەرزاری ئەوە بوون کە چیان بۆ تراديسیۆنی ئەوروپی و ئینجیل نووسیوە. ئیلیزا لەینسفەرد کوشینگ ئایەتە بەتاڵەکانی دراماى کتێبی پیرۆز"ئەسسەر"ی لەساڵی ١٨٣٨ و ڕوحی چارڵس هۆفیسەگ لەساڵی ١٨٥٧ و داستانی نیشتمانی فلیکس پاوترەی لویس فرێشیت لە ساڵی ١٨٦٠ نووسی، بەڵام ناکۆکی سیاسی بەچاکی و بەزیندوویی بە زمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزی لە شانۆگەرییەکەی فرێشیت بەناوی پاپینۆ و کارە ساتیرئامێزەکانی وەک دراماى هەرمی هیو سکێبی بەناوی فشاری خێزان لە ساڵی ١٨٣٩دا، دیاربوون.

هەر زوو ئەکتەرە هەوەسکارەکان قایل نەبوون بە زەخیرەی کلاسیکی نوێ و دەستیان کرد بە تێکەڵبوونی زیاتر لەگەڵ نووسەرە خەماڵییەکان. لەوماوەیەدا هیچ حاڵەتێکی بەرچاوی وا لەئارادا نەبووە، جگۆ لە فلیکس گابریاڵ مارچەند کۆ بوو بە سەرۆک وەزیرانی کوبەک لە نێوان ١٨٩٧- ١٩٠٠ ، کە بەناوبانگترین شانۆگەری ئەماسی ساختەی نووسی، کەلە دەیەی هەشتاکانی سەدەی نۆزدە لە شاری کوبەک بە سەرکەوتنێکی

گەورەوە نمایش کراو و چەندین جاریش دووبارە کرایەوە. شەقامی کۆمیدیای فەرەنسی بۆ بینەرانی کوبێکیی خواستراو و بارهێنرابوو. لەبەشی ئینگلیزی کەنەدا، لە کۆتایی دەیەی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەم، گەلێ بابەتی جێراوجێر نمایشکران کە ئاستەوخۆ پەیوەست بوون بە بینەرانەوە. هەرچەندە چوون بۆ بینینی شانۆ تا ئەو کات چالاکییەکی نوخبەوی بوو(بە زۆری لە شاری کوبێک) شانۆگەرییەکان کەوتنە بایەخدان بە کەسایەتی و ڕووداوە ناوخۆییەکان لەچەشنی تیکۆمسییە و لەورا سیکۆرد و هەروەها جین ئاببەرقاڵ. ولیەم ویلفرێد کامبۆ کە تا ئەوکاتیش زۆر بە تووندی لەژێر گاریگەری شەکسپیر دابوو، شانۆگەری کۆشکی دۆلارد ئۆرمیکسی نووسی.
هەرچەندە بۆگانەکان بەردەوام دەهاتن بۆ ئەوەی بە کەنەدییەکان نیشان بدەن کە چی پێویستە لەسەریان و " بەڕاستی دەبێ چیبکەن" و هەندێجار وەک بزوێنەرێک بۆ کارامە کردنی ناوخۆ ڕەفتاریان دەکرد. بۆ نموونە گەشتەکانی سارا بێرنهاردت لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم کۆمەسوڕاوێک بوو بۆ دروست کردنی سیستەمی ئەستێرەی هونەر کە گەلێک کەسی هاندا دەست بدەنە قەڵەم کە پێشتر بیریان لە نووسین بۆ شانۆ نەکردبێوە.
شانۆ تا ئەو کاتەش بەزۆری مەسەلەیەکی بەرز و جوان بوو لەگەڵ هەندێ جیاوازی سەرنجڕاکێش. ئاشووبە ڕەگەزپەرستەکەی ساڵی ١٨٦٠ لە ڤیکتۆریا، وەختێ ڕەشپێستەکان ڕۆی خۆیان کردەوە بۆ دانیشتن لەسەر ئەو کورسییانەی کە بۆ سپی پێستەکان تەرخانکرابوو لە شانۆی ئیمپریالی ڤیکتۆریا.(بڕوانە بەگەنامە بایەخدارەکان – شانۆ لە ڤیکتۆریا ١٨٥٠) و نمایشکردنی هاێقەر لە شاری ئەلبێرتا لە ١٩٠٢ کە بە هۆلکە بارانی نمایشکەران کۆتایی هات. زۆر شتی سەیریش هەبوو وەکوو ئەوانەی کە کۆساکان دەستیان بەسەردا گرتبوو. قەشەکانی کوبێک کەوتنە سەرزەنشت کردنی "بێرنهاردت"، قەشەکانی ئۆنتاریۆش دەربارەی ئەو دیمەنانە دەدوان وەک ئەوەی کەلە ئەنجومەنەکاندا بینیبویان. ڕۆف ج.پ.سیلیکۆکس لە ساڵی ١٨٨٣ دا دەڵێ: " بەهۆی قەومی "لوت"ەوە تەنانەت لەشەرماندا سوور هەگەڵان، وە گوێیەکانیشیان لەشەرماندا کەڵ بوون". سەرباری ئەم ژەهرانەش، نوخبەیەکی کەمەایەتی وەکوو دەفرین خانم و ئێرڵ گرەی پشتیوانی شانۆیان کرد لە شێوەی پێشبڕکێی سەرگەرمی و چاودێریکردنەوە.
کۆتایی ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم، شارەکانی سەرتاسەری کەنەدا پەرەسەندنی بنیادنانی هۆڵەکانی شانۆیان بەخۆوە بینی. لەنێوان ساڵانی ١٨٧٣-١٨٩٢ چل هۆڵی زیاتر لە هەزار کورسی کرانەوە. کە ئێستا بەهۆڵی شەمەندەفەرەوە بەیەکترەوە بەستراونەتەوە. ئەم هۆڵانە مۆنداری بەرهەمی ئەو تیپانەیان دەکرد کە سێرک و

بەتایبەتی سەرکی گەڕەک کەلە شاری وینیپیگەوە دەستی پێکرد. هەروەها تیپێ خۆجێیە پارەدارە پرۆفیشناڵەکان لەشارەکانی وینیپیگ و ئۆدمەنتۆن دامەزران. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا و لەشاری کوبێک شانۆگەریيە نمایش نەکراوەکان کەوتنە بەاو بوونەوە. لە ساڵی ١٨٦٨ وە تا ساڵی ١٩٠٠ سەد و شانزە شانۆگەری بەاو بوونەوە کە تەنها چل دانیان نمایش کرابوون.



ئاغایەک لەگەڵ خانم گرەی ئەچنە ناو هۆڵی شانۆ (ئەرشیفی نەتەوایەتی)

سەردەمی زێڕین

شانۆ لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم زۆر چالاک بوو. مۆواندارى گەڵ ئەکتەر و تیپی بیانی و ناوخۆیی ئەکرد، ووداني دوو جەنگی جیهانی و داهێنانی ئادیۆ و تەلەفیزیۆن و ئینجا دەستیان کرد بە پێداگری لەسەر بینینی خۆیان لەسەر تەختەی شانۆکان. هەرچەندە هۆڵەکانی شانۆی کۆمیونیتییەکان لەسەرتاسەری وڵات خەریکی چالاکی نواندن بوون، بەڵام زۆربەیان لەشێوەی بەرهەمهێنانی شانۆیی لەدەرەوە دەهێنران. بەڵام هونەرمەندە شانۆییەکان وەکوو مەریۆ دانیسێن لەسەر دراماى ئادیۆی کەنەدی و (دواتر تەلەفیزیۆن) کاری دەکرد و بۆ ئێوارانیش لە شانۆکانی کۆمیونیتی و زانکۆکان بە خۆایی و بێبەرامبەر نمایشی دەکرد وەکوو هۆڵی شانۆی هارت هاوس.

لە شانۆ و دراماى کۆمیونیتییەکان پێشبڕکێ هەبوو وەکوو فیستیڤاڵی دراماى دۆمینیۆن کەشانۆی کەنەدی سازی ئەکرد لەمیانی مەشق و ڕاهێنانی ئەو ئەکتەر و نووسەرانەی کە لە توانایاندایە سەرکەون بۆ پاڵەوانێتی شانۆیەکی بەاستی کەنەدی. چالاکییە شانۆییەکان پڕۆگرامی دراماى لە زانکۆکان داشت و بەرهەمی تیپە شانۆییە گەڕەکانیش کەوتنە گەشتکردن بۆ مەبەندە بچووکەکان بەتایبەتی بۆ مەبەندی ئیلیزابس ستڕلینگ هاینس بۆ بۆدستهێنانی خەاتی شانۆیی ئیدمنتۆن، هەروەها خەاتی ئیلیزابس ستڕلینگ هاینس کە بەخەاتی

ستەرلینگ ناونراوە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی (مەبەندی بانف)ێ بۆ هونەر.(٣)
مامۆستای شانۆ هارمان ڤێدن ڕایگەیاند؛ "لەو بۆوایەدا بووە کە ئەوەی ستایڵێکی شانۆییە کە گوزارشتی لە ڕوحی کەنەدییەکانی باکوور و " سەمفۆنیای دەربەینخوازی" کردووە. هونەرمەندەکانی تریش بە ئاراستەی داهێنانی شانۆی ڕەسەن کەوتنە کارکردن. دێرا ماڤەر موور کۆمەگەی شانۆی نوێی لەگەڵ چەند شانۆنووس و ئەکتەرێکی تردا دامەزراند وەک جۆن کێتەر، لیستەر سننگلەر، ماڤەر موور . وە هەروەها باوە پییر و ئیمێی لێگاوتش تیپی دی سان لێرانییان لەگەڵ جین گاسکۆن و دەنیس پێلێتیەر و جین لویس ڕۆکس، دامەزراند.
لەو ماوەیەی ئەو دوو تیپە و ئەو تیپانەی لەوان و لەدەوروبەری ئەوانەوە لەدایک بوون وەک ڤیستیڤاڵی ستراتفێرد (٤) و شانۆی دو موند نۆڤ، داهێنانی شانۆییان ئەنجام ئەدا، کارەکتەرێکی بچووک و نامۆ کە بەرگی کاندیانزی لەبەر بوو لە مۆنتریاڵ موژدەی لەدایکبوونی جۆرێکی تری شانۆیدا. فریدێین داهێنەری گراتین گلیناس، منداڵ خستنەوەی تیک-کڕ ،کۆ کۆمیدیای کانداینیسی هێنایە بوون و ..تاد، شانۆنووسەکانیش وەکوو مارسێڵ دوبێ فرانگۆیس لێرانگەر، کە شانۆگەرییەکانی لەوێدا نمایش کراون.



دیمەنێک لە شانۆگەری مارش هەی لە فیستیڤاڵی شانۆیی لەساڵی ١٩٩٦

شانۆی هەرەمایەتی و شانۆی ئەلتەرناتیڤ

لە کۆتایی دەیەی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، شانۆی هەرەمایەتی لە زۆربەی ناوەندی شارەکان لەسەرتاسەری کانێدا دامەزرا. ناوەندی شانۆی مانیتۆبا(١٩٥٨)، شانۆی یانێ هونەرییەکان (١٩٥٨)، شانۆی نیپتۆن (١٩٦٣)، هۆڵی شانۆی ڤانکووڤەر (١٩٦٣)، شانۆی ستێیدێ (١٩٦٥)، شانۆی گۆڵب (١٩٦٦)، شانۆی نیوبرەنزویک (١٩٦٨)، شانۆی گالگەری (١٩٦٨). شانۆی ئەلتەرناتیڤ و ئەزموونگەری لەبەشی ئینگلیزی کەنەدا سەری هەڵدا. ڕک شۆپی بەرهەمهێنان لێ

تەرەنتە (١٩٥٩)، شانۆی پاسی مۆرە (١٩٦٨) و شانۆی فاکتری(١٩٧٠)و لەبەشی فەرەنسی(گروپی کار) کە جەختیان لەسەر گەشەکردنی شانۆی کەنەدی و هەندجاریش شۆوازی دۆکیمێنتەری دەکردەوە و داهێنانی بەکۆمەڵیان ئەنجام دەدا.
لەسەدەمین ساڵیادی دروستبوونی کەنەدا، لە ساڵی ١٩٦٧ تۆکانی زیاتر درا بە پشتیوانی نووسینی شانۆ و بەرهەمهێنان، لەوانە شانۆگەرییەکانی جۆرج ڕایگا، جەیمس ڕینەی و جۆن هاربۆرت. ساڵی ١٩٦٨ شانۆگەرییە دوو پەردەییەکەی مایکە ترامبڵی لەسەر شانۆی مۆنتریاڵ نمایشکرا، کەبووە هۆی پشکۆشکردنی جوال(دایەلێکتی (شۆڕ ئاخاوتنی) چینی کرێکاری کوبێک بوو) بە شانۆی کوبێک.
لەدەیەی حەفتاکان لەگەڵ بەیاری گۆشەپەدان و بڕەپەدانی شانۆی کەنەدی، گەڵە شانۆی بچووک بچووک هاتنە دەرکەوتن. شانۆی تاراگۆن کە بیل گلاسکۆ و جینی هاوژینی دایان مەزراندبوو، کەوتنە پشتیوانی کردنی نووسەرانی ئینديڤیجوال لە چڕشنی دەیڤد فرەنچ، دەیڤد فریمان، مایکە ترەمبلەی بە وەرگێڕانی هەریەک لە(گلاسکۆ و جان ڤان بورک)، کارۆڵ بۆت، شارۆن پۆک، ئیریکا ڕیتەر، ئانۆن ستراتن، دودیس تەمسن و جۆیسن شەرمان. هەروەها لەساڵی ١٩٧١ جان گرێی و لاری لیللۆ شانۆی تەماهنۆسیان لەشاری ڤانکووڤەر دامەزراند. شانۆی ئازادی تەرەنتەش دەستی کرد بە بەرهەمهێنانی کارە ئەزموونگەراییەکانی تەم هێندری و مارتین کینچ و جان پالمەر و هەروەها ئەندراس تان و دەرچوانی تری زانکۆی ساسکاچوان، شانۆی شەقامی ٢٥یان لەشاری ساسکاتوون دامەزراند. ساڵی ١٩٧٢ لە هەرمەکانی ماریتامیز هەریەک لە کریس بروکس و لین لوند شانۆی مەرتراوپسیان دامەزراند و ئینجا هەریەک لە ئەڤلین گاربۆری، تەم میللەر، سارا لی لویز شانۆی پەری دەریایان لە هەرمی نەڤاسکۆشیا دامەزراند کە شانۆیەکی ئیستعرازی جەماوەری بوو بە توخڕی گەنج. هەر لە هەمان ساڵ لە هەرمی ئەلبەرتا، دەگلەس ڕیسک و لوسیل واگنەر پڕۆژەکانی شانۆی ئەلبەرتایان دامەزراند وەک شانۆیەک بە بینەری گەنج، کە دواتر گۆشەی پەدرا بە شانۆیەکی هەرمی گۆشەسێندوو بە گۆشەپەدان و بەرهەمهێنانی کاری نوێ لە میهرجانی پلەی رایتس. لە شاری کالگەریش شانۆی پەمهاوس لە پاشماوەی شارەوانی پەمهاوسی مۆزوویی هاتە دامەزراندن. ساڵی ١٩٧٣ لە مانیتۆبا، وەرشەپی شانۆی مانیتۆبا دامەزرا، کە دواتر بوو بە شانۆی پیریەر ئەسکسڤینج و دەستی کرد بە بەرهەمهێنانی کاری تازە و میهرجانی بلیسش لە وەرزی هاوین لە شارچکەیەکی ئەنتاریۆ هاتە بڕەوبردن. لە ساڵی ١٩٧٤ و لە شاری برەنزویک شانۆی جەماوەری ئەکەدیا دامەزرا. ساڵی دواتر ژمارەیەک تیپی شانۆیی هاتنە

دامەزراندن لەوانە شانۆی ئەزموونگەری مۆنتریاڵ (کەدواتر ناوەکەی گۆدرا بۆ شانۆی ئەزموونگەری نۆڤیۆ)، شانۆی نێتوۆرک، شانۆی نەرترن لایت لە ئیدمنتۆن؛ شانۆی بەلفری لە ڤیکتۆریا، شانۆی کۆنەدی مۆزن لە ئۆتاوا. شانۆی کاربۆن ١٤ لە مۆنتریاڵ. ساڵی ١٩٧٨ پێکهاتنی گەلە شانۆی وەرزشی لە کالگەری، وەرکشۆپی شانۆی ڕۆژئاوایی لە ئیدمۆنتۆن، شانۆی رایزینگ تاید لە ساین جان، شانۆی ناکای لە شاری وایت هۆرس بۆخۆی بینی.
شانۆی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جەماوەرییەکان ڕۆڵکی گرنگیان لەمەڕووی شانۆی کۆنەدی گۆاوە بۆجۆغدکردنە سەر داگیرکردنی پانتایی هۆزی کۆمەڵایەتی و سیاسی شانۆی کۆنەدی. ساڵی ١٩٧٧ شانۆی کاتالیست لەلایەن ژمارەیەک لە خوێندکارانی خوێندنی باڵای زانکۆی ئەلبەرتا هاتە دامەزراندن. ساڵی ١٩٨٤ گراوند زیرۆ پڕۆداکشن لەگەڵ کۆمپانیا و ڕێکخراوە کرێکارییەکان، بۆئامانجی گۆڕینی کۆمەڵایەتی، کاوتە کارکردن. ساڵی ١٩٧٩ شانۆی نایتوود ژمارەیەک شانۆگەری سەبارەت بە پەروەندەی بەهۆزی فیمینیستی، چەشنی شانۆنامەی (هاوڕێ لە کاتی ناڕێک ئەجندای ناوازە)، بەرهەمهێنا.
بزووتنەوەی شانۆی کۆنەدی، سەرکەوتنی جەماوەری گەورەی لەساڕکانی ١٩٧٨ و ١٩٧٩ لەسەرتاسەری کۆنەدا بەدەستهێنا. شانۆنامەی (بیری بیشۆپ دچێت بۆ شکۆ) بۆ گشتکی نیشتمانی لەگەڵ ژمارەیەک ئەکتەر و داهێنەر وەک جان گرێی، ئیریکا پیترسن؛ لە ڕۆڵی ماگی و پییەر بەهێنانپێشچاو و نواندنی لیندا گریفتس بۆ نیشاندانی چیرۆکی سەرک وەزیرانی کۆنەدا ترودۆ و وێیواردی هاوسەری، توانی سەرنجی هەموو جیهان ڕابکێشێت.
بەهاتنی دەیەی هەشتاکان، شانۆنامەکانی جەرج ف وۆکەر و شارن پۆڵک لە سەرتاسەری کۆنەدا و دەرەوەی کۆنەداش هاتنە نمایشکردن؛ وەک شانۆنامەکان نمایندەی ئەڵتەرناتیڤی نوێ بوون هەنگاویان نا بەرەو دامەزراندنی شانۆی هەرێمایەتی و هەروەها بەرەو شانۆی بەریتانی و ئەورووپی و ئەمریکی و دەرەوەی ئەوانەش. تیپکانی وەکوو نەسیسەری ئەنجێ ١٩٨١ و شانۆی ڤیپێر ١٩٨٢ ئەزموونگەرایانە لەگەڵ بەرهەمهێنان لە شوێنە دەزراوەکان بۆ شێوازی تازە و داهێنەرانەی شانۆ، کاوتنە کارکردن. ساڵی ١٩٨٦ دانیاڵ مەکلۆر لەگەڵ شانۆنامەی دە دە کامیرا، توانی مۆنۆلۆگ نائاساییەکان و لوغزە سایکۆلۆژییەکان بخاتە بەرچاوی بینەر.
لە شارکانی مۆنتریاڵ و تۆرۆنتۆ و ڤانکووڤەر، گەلێ شانۆی تایبەت بۆ گۆشەپانەدانی کاری کلتوورە جیاوازەکانی دانیشتوانی کۆنەدا پێکهێنرا؛ وەکوو وەرکشۆپی شانۆی بلاک (١٩٧٢) و شانۆی تەسری دونیا (١٩٨١) و پڕۆژەی شانۆیی کاهووت (١٩٨٦) و تیپی شانۆیی

ئەبسیدیان(۲۰۰۰) و تیپی شانەیی فوجینی ئاسیایی- کۆندایی (۲۰۰۲) و شانەی نیوەرلد (۱۹۹٤). هونەرمەندانی بەرچاوی شانەی کۆمایەتی، جیاوازی دراميیان لەمیانی گۆرانەوەی چیرۆکەکانیان دەربارەی خۆکە بنەماتی و موهاجیرەکان و کۆشفکردنی کارتکردن و پکدادانیان لەگەل کەمەگەی مەوجود، نیشان دەدا. شانەی نیتیقکانی کۆندەش دەگەنە جەماوەرکی بەرین لەکۆندا و دەرەوەی کۆندا لەمیانی کارکانی تەمسن هایوەی، مۆنیکا مۆجیکا، دانیال دیقد مەسس، درو هەیدن تایلەر،ماری کلەمەنتس، کەنت ویلیەمز، و زۆری تر.
بزووتنەوەی فرینج کە میهرەجانی ساڵانەی شانەیی لە ئیدمنتۆن دامەزرا، وەک مەگەی کۆشەندی شانەی نوە کە هەموو هاوینک لەسەرجەم شارکانی کۆندا، دەتە سازکردن.
لە ساڵی ۲۰۲۰، شانەی کۆندی بەهەی پەتای قایرەسی کرۆناوە داووخا. کۆڤید ۱۹ کەلە چینەوە سەریهەلدا و بەخرایی بەجیهاندا بەاوبەوە، بووە هەی داخستنی شونە گشتییەکان وداخرانی شارکان. بەیە زۆرک لە تیپە شانەییەکان هەویاندا بەرهەمکانیان لەگەل ئۆنایندەوە نمایش بکەن بە ژمارەیکی کەم لە ئۆکتۆبەر، یانیش بەهەی پرۆگرامەی زووم کە ئۆکتۆبەرکان بەهەی ئۆنتەرنێتەوە پکەوە لەلایەدان، نمایشکانیان بخرێنە سەر سکرینی کۆمپیوتەرکان. بەڵام بەهەی کەشەی دارایەوە، هونەرمەندانی شانەیی بە ماوەیک ووبەووی بکاری بوونەوە.(۵)

پەراوێزکان وەرگێر ئامادەی کردوون:.

(۱)ئۆکتۆبەری ئیمائیەکان بەو هونەرمەند و ئۆکتۆرانە دەوترێت کە لەگەل هونەرمەندە هاوپیشەکانیان لەشونکەوە دەچوون بە شونکی تر یانیش نمایشی شانەییان ئەنجام دەدا. ئەم ئۆکتۆرانە خۆشی لە جۆژن و کار و نمایشی سەرشانە وەردەگرن کە زۆربەی کات نمایشکەیان کۆمیدیین وەک ئاماژە بە ووداوەکی فاشل یان نالۆژیک یان دروستکراو.

(۲)ئەم تیپە لە شاری مۆنتریاڵ لە هەرەمی کوبک لەساڵی ۱۸۱۷ دامەزرا. بەیوبەری تیپەکە کاپتن جەزیف بوو. یەکەم بەرهەمیان شانۆگەری گریگەری وەسکەر مەزنەکە و پاشان دەقکی مۆلەریان نمایش کرد. پاشان گەلە کاری ئیستیعرازییان ئەنجامدا. لەساڵی ۱۷۸۹-۱۷۹۰ تیپەکە دەچێتە شاری کوبک و دوای چەندین شونی کاتی، لەساڵی ۱۸۰٤ هەڵی شانەی پەتۆگەنیان وەک بارگای تیپ دروست کرد.

(۳)مەبەندی بانف بە هونەر مەبەندکی کوتۆتە شاری بانف لە هەرەمی ئەلبەرتا و لەساڵی ۱۹۳۳ لەلایەن زانکۆی ئەلبەرتاوە دامەزراوە. پرۆگرامە هونەرییەکانی وەکوو نمایش و شۆکاری و

میدیا و مۆسیقا و ئەدەب و ئەدەبی نایتیف و تیا دەخونرێت.
(٤)فیستیڤاڵی ستراتفۆرد، فیستیڤاڵێکی شانۆیی کە لەنێوان نیسان تا تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێک لە شاری ستراتفۆرد لە هەرێمی ئۆنتاریۆ دەتە سازدان.
(٥)ئەم نووسینە لەسەر استیدا پڕە لە ناوی کەس و تیپ و شوێن و ڕووداو، کاتێک ویستم پڕاوپڕیان بە بنووسم، بینیم هەویرەکە و ئاو زۆر دەکەشێت. بۆیە جگە لەم دوو سێ پڕاوپڕی سەرەوە، ئیتر وەکوو خۆی لێی گەڕام تا ئۆگەر خوێنەر ویستی زانیاری لەسەر هەر ناو و ڕووداو و تیپێک دەست بکەوێت، دەتوانێت لەڕێگەی گووگڵەوە ئەو کارە بکات.

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ)

سەرچاوەی ئەم نووسینە ئینسایکلۆپیدیای شانۆی کەنەدییە
http://www.canadiantheatre.com/dict.pl?term=History%20of%20Canadian%20Theatre